# ئاوی خۆشۆردنم بۆ پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ئامادەکرد

لە مەیمونەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: «ئاوی خۆشۆردنم بۆ پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ئامادەکرد، بە دەستی ڕاستی ئاوی کردە سەر دەستی چەپی، وهەردوو دەستەکانی شۆرد، وپاشان دامێنی شۆرد، پاشان دەستەکانی هێنا بەسەر زەویدا وخۆڵی پێیاندا کرد (بە خۆڵ مەسحیانی کرد)، پاشان دەستەکانی شۆرد، پاشان ئاوی ڕادایە نێو دەمی ودەریکرد، وپاشان ئاوی ڕادایە نێو لووتی ودەریکرد، پاشان دەموچاوی شۆرد، وئاوی کرد بەسەر سەریدا، پاشان چەمایەوە وپێیەکانی شۆرد، پاشان پارچە پەڕۆیەکی بۆ هێنرا خۆی پێ وشک نەکردەوە».
[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

واتای فەرموودەکە: مەیمونە -ڕەزای خوای لێبێت- باسی ئەوە دەکات کە ئاوی خۆشۆردنی بۆ پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- ئامادەکرد بۆئەوەی خۆی بشوات بەهۆی لەشگرانی بوونی، بە دەستی ڕاستی ئاوی کردە سەر دەستی چەپی، وهەردوو دەستەکانی شۆرد چونکە ئاوەکان هۆکاری گواستنەوەی ئاون بۆیە پێویستە پاک بن، بۆیە سونەتە بشۆردرێن ئەمیش بۆ بەدیهێنانی پاکێتی وپاککردنەوەیان. شۆردنیان ولە گێڕانەوەیەکی تردا هەر مەیمونە -ڕەزای خوای لێبێت- دەیگێڕێتەوە: (فغسل يديه مرتين أو ثلاثا) واتە: (دەستەکانی دوو یان سێ جار شۆرد). وپاشان بە دەستی چەپی دامێنی شۆرد بۆئەوەی پاشماوەکانی وەکو مەنی وهەرشتێکی تری لەسەر لاببات، ودامێن لێرەدا مەبەست ئەندامی نێرینەیە، هەروەکو لەم گێڕانەوەیەدا هاتووە: (ثم أفرغ على شِماله، فغسل مَذَاكِيرَه) واتە: (پاشان ئاوی هێنایە سەر دەستی چەپی وئەندامی نێرینەی شۆرد -گونەکانیش دەگرێتەوە-). پاشان دەستەکانی هێنا بەسەر زەویدا وخۆڵی پێیاندا کرد (بە خۆڵ مەسحیانی کرد)، ولێرەدا مەبەست دەستی چەپە هەورەکو لە گێڕانەوەی (البخاري)یدا هاتووە: (ثم ضَرب بِشِمَاله الأرض، فدَلَكَها دَلْكًا شديدا) واتە: (پاشان دەستی چەپی دا بەسەر زەویدا، بە چاکی دایماڵی -بەسەر زەویدا وتێکەڵی خۆڵەکەی کرد-). مەسحی کرد بەسەر خۆڵەکەدا بۆئەوەی پاشماوەی ئەو شتانە لا ببات کە لەوەیە پێوەیە نووسا بێت لە پاشماوەی ناخاوێن وبۆنی ناخۆش، پاشان دەستی چەپی بە ئاو شۆرد بۆئەوەی پاشماوەی ئەو شتانەی لەسەر لاببات کە پێیەوە نووسا بوو لە خۆڵ وپاشماوەکان، پاش شۆردنی دەستەکانی ئاوی ڕادایە نێو دەم ولووتی وئاوەکەی دەرکرد، وپاشان دەموچاوی شۆرد. وتێیدا نەهاتووە کە دەستنوێژی گرتبێت بەڵکو لە گێڕانەوەکەی (البخاري)یدا هاتووە هەورەکو عائیشە -ڕەزای خوای لێبێت- دەیگێڕێتەوە: (ثم توضأ وضوءه للصلاة) واتە: (دەستنوێژی گرت هەروەکو دەستنوێژگرتن بۆ نوێژ). پاشان ئاوی کردە بەسەر سەریدا هەروەکو لە گێڕانەوەکەی تر هاتووە: (ثم أَفْرَغ على رأسه ثلاث حَفَنَات مِلءَ كَفِّه، ثم غَسَل سَائر جَسَده) واتە: (پاشان سێ جار ئاوی کرد بەسەر سەریدا بە ئەندازەی نێوان هەردوو چنگی دەستی، وپاشان هەموو لاشەی شۆرد)، ویەک جار بەسە ئەگەر هەموو لاشە شۆردرا. دوای ئەمە چوو بۆ شوێنێکی دوور لەو شوێنەی کە خۆی تێیدا شۆرد وپێیەکانی شۆرد؛ پاش دەستنوێژگرتن وخۆشۆردنی، وپێیەکانی جارێکی تریش شۆرد. وپاشان پارچە پەڕۆیەکی بۆ هێنرا خۆی پێ وشک نەکردەوە، ولە گێڕانەوەیەکی تردا -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: (ثم أَتَيْتُه بالمِنديل فَرَدَّه) واتە: (پاشان پارچە پەڕۆیەکم بۆی هێنا وڕەتی کردەوە). ولە گێڕانەوەیەکی تر: (أُتِيَ بِمِنْدِيلٍ فلم يَمَسَّه وجعل يقول: بالماء هكذا) واتە: (پاشان پارچە پەڕۆیەکی بۆ هێنرا ودەستی لێی نەدا وئاوەکەی بەم شێوەیە لێکرد)؛ واتا بە دەستەکانی شوێنەواری ئاوی خۆشۆردنەکەی لەسەر لاشەی لادەدا.

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY

لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC
E-Da'wah Committee